# خەزانی عەشق

( شێخ شەریف . ئەڵمانیا٢٠٠١ )



ئای لەم حەزە پاییزیەی من
چۆن حەز دەكات دەست لەملانی خەزان بێت و
بەجووت هەردوو سەرهەڵگرن
لەباوەشی كوورەی عەشقا لە زستانی
تەڕوو تووشا خەڵوەت بگرن
چ ئەوێنێ
هێندە هیوای بەرزە فڕە
بەگەڵای زەرد باوەشێنی برژانگی هیلاكی بكاو
لە سۆمایا وێنەی خەزان تۆمار بكا !
تابتوانێ هیچ چركەیەك لەو ساتانە لەبیر نەكا
بەو نیگایە لێم مەڕوانە
كە ماندوێتی لە سیمایا بەدی ئەكەی
پەنجەكانم چەند لەرزۆك بن قەڵەم گرن
هێندەش ئازان
كە توانن خەمی غوربەت لەكۆڵ گرن
ڕوولامەكە
بەهارێكی لەتوێی سركەیی پایزدا
پشووت داوە
تۆ وەكو من خۆت ناناسی

چی بە پوولەی عەشقی وەرین و خەزانە

لەبۆسەدا بۆت وەستاوە

دەسەیرکە چاوەکانت لەچاوم نێ

خۆت ببینە

لەوولاتی هاڤی بووندا

کەئینسانی تیا دەپرووکێ

تەنها عەشقە لەزەردەی ئابوونیدا

دەردەکەوێ وەکو بوکێ

ئەم جارەیان

تەنها منم

چاوی عەشقم باوێشک نادا

ئێشک بەدیار تارمایی شەوەوە و

خەو بینینێکتم بەئاگا

نەک بپرسن کێ خەزانی لەچاو دایە

پێیان بلێت بە پێوانەی هەلوەرینی گەلای دونیا

پەلکە زێرینەی ئەوینم

لەبەر تیشکی خۆرنشینی خەیالێکما

بەهەزار رەنگ سەما ئەکا و پرشنگ ئەدا